# فرۆشتنی کاڵایەک پێش ئەوەی بگاتە دەستت

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**شێخ موحەمەد ساڵح العثیمین**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم بيع البضاعة قبل أن تصل ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# فرۆشتنی کاڵایەک پێش ئەوەی بگاتە دەستت

**ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شیخ محمد صالح العثیمین کرا :**

**پرسیار :** ئایا حوکمی شەرعی فرۆشتنی کاڵایەك چیە هێشتا ئەو کاڵایە لەدەرەوەی وڵات بێت و نەگەشتبێتە دەستی خاوەنەکەی ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە، فرۆشتنی کاڵایەك پێش ئەوەی بگاتە دەستت دروست نییە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) قەدەغەی کردووە لە فرۆشتنی کاڵایەك پێش ئەوەی بگاتە دەست خاوەنەکەی وبگاتە دەستی بازرگانەکە، سەرەتا پێویستە ئەو کاڵایە بگاتە دەستی ئەو کەسەی کە کڕیویەتی وئەو کەسە بتوانێت تەصەڕوفی پێوە بکات، ئەمجا بیفرۆشێت، بەڵام بڕوات بیفرۆشێت پێش ئەوەی کاڵاکە بگاتە دەستی و بەشێوەیەك هێشتا کاڵاکە لەوڵاتێکی تر بێت و نەزانێت ئایا بەساغ وسەلیمی دەگاتە دەستی یان ناگات، ئەوە دروست نییە .

**خۆ ئەگەر کەسێك بڵێت :** ئەو کەسەی کە ئەیکڕێت خۆی ڕازی بوو بەو کاڵایە هەرچی بەسەر بێت کەم بکات یان کەم نەکات، ئەوە ئەڵێین : هەتا ئەگەر کڕیارەکەیش بەو

رازی بێت هەر دروست نییە، چونکە پێدەچێت لەکاتی گرێ بەستەکەدا ڕازی بێت پێی لەبەر دەست کەوتن و بەدەستهێنانی قازانجێك، بەڵام ئەگەر هاتوو کاڵاکەی کەم وکەسری هێنا ئەو کاتە پەشیمانە و داخ وخەفەتی بۆ ئەخوات، پاشتریش پێ ئەچێت ناکۆکی بکەویتە نێوان کڕیار و فرۆشیارەکەوە و سوپاس بۆ خوای گەورە شەرعیش هەموو ئەو دەرگایانەی داخستووە کە دەبنە هۆی پەشیمانی و ناکۆکی ودەمەقالێی .

هەروەها دیسان ئەگەر هاتوو کاڵاکە تیاچوو ئەو کاتە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان هەردوو لایەکیانەوە، گرنگ ئەوەیە دروست نییە کاڵایەك بفرۆشرێت هەتا ئەگاتە شوێنی خۆی لای کەسی فرۆشیار، ئەمجا دروستە تەصەڕوفی پێوە بکات ..

خوای گەورە زانا وشارەزاترە ..

سەرچاوە : لقاء الباب المفتوح لابن عثيمين ٥٤/ ٩٤